# ژنی کورد سەرکوتکراوە

## گەر کەسایەتی هۆشیاری نموونەی سیمۆنا بۆڤواریشمان لەناو ژنی کورددا بوێت، ئەوا کەسایەتی نموونەی سارتەریشمان لەناو پیاوی کورددا پێویستە!

بێریڤان جەمال حەمە سەعید
b.hamasaid@chello.nl



لە دنیای ئەمرۆماندا هێرشێکی زۆر دەکرێتە سەر ژنی کورد، جا هێرشکردنی جەستەیی، رۆحی، سێکسی یان سایکۆلۆژی بێ، لە ژیانی سادەی رۆژانەماندا و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و رۆشنبیریەکاندا ، رەنگیان داوەتەوە.
ژنی کورد بە شێوەیەکی گشتی و ئەو ژنانەی بە تایبەتی کە وەك کەسێکی سەربەخۆ و، عەقڵێکی ئازاد و خاوەن کەسایەتی خۆیان دەنوسن، وێنادەکرێن بە ژنانی نەزان و نەخوێندەوارو ناهوشیار، بە بریاری پێشوەخت و بەبێ بنەمایەکی زانستی، رەوشت و چالاکی ژنی کورد هەڵدەسەنگێنن.
سەیرکردن و مامەڵەکردنی ژن لە کۆمەڵگای سیستەمی نێرسالاریدا، وەك بونەوەرێکی کەم توانا و نایەکسان و رەنگدانەوەی ئەم کەلتوورەش لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی پیاوان وهاوکات لە دووتوێی بەرهەمی زۆر لە نوسەر و فەیلەسووف و شاعیر و پەروەردەناس و رۆمانووس و رەسام و گۆرانیبێژانی ئۆپێرا جیهانیەکان بەدی دەکرێ . دیارە ململانێ و ناکۆکی بەرامبەر رەگەزی مێینە کێشەیەکە کە رەگی قووڵی بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بردوتە خوارەوە لە وەش بترازێ رۆڵی لە سەر هێزی عەقل و فەنتازیاو فکری چەندەها داهێنەر بینیوە و بۆتە وزەیەك بۆ چالاکی و بەرهەمی داهێنان. لە میتۆلۆژی گریگەکۆنەکان کەسایەتی ژن وەك کەسێکی سۆزمەند و ارا و دوڵ و دردۆنگ، ئاژاوەچی ، ناعەقلانی، پاسیف، ، شوم ، بێ دەسەلات، هەندێ جاریش وەك جادوکەر و ساحر وێناکراوە. پیاویش رۆڵی کەسایەتی هێز و تواناو دەسەڵات ئازا و خۆراگری و عەقلانی ، رزگارکەرو سەقامگیری پێدەبەخشرێ. بۆ نمونە لە ترازیدیای شاژن مەدەیا ، ئەو خانمەی دوای ئەوەی دڵدارەکەی خیانەتی لێ دەکاو رەنجەرۆ و نائومێد دەبێ، هەردوو منالەکەی خۆی دەکوژێت. کاریگەری ئەم روداوە لە بەرهەمەکانی شاعیرونوسەری ترازیدیا ( ئوریپیدیس 480-409 پێش عیسا ) ، بە هەمان شێوە لە بەرهەمی فەیلەسوف سەینەکاو چەندیین گۆرانی بێژی ئۆپێرا رەنگی داوەتەوە. دیارەجیاکاری و نزمتێروانینی رەگەزی مێینە جگە لە ئایینە ئاسمانیەکانیش، لە نووسینەکانی هەندێ فەیلەسوف وەك ئەرستۆ ، کانت و میکیاڤیلی و ، شۆپنهاوەر و رۆسۆ و نێتچە و ناپۆلیون دا. بەدی دەکرێ . بۆ نمونە شۆپنهاوەر، دەڵێ : "ئەقڵ ( راشێۆ) مێینەیە، ژن دەتوانێ بەکاریبهێنێت، گەر وەریبگرێت"!
نیتچەش لە نوسینەکانیدا ژن وەکو بونەوەرێکی کەم تواناو بێناوەرۆك و زەلیل و لاواز ناوزەد دەکات "و ئەوانەی خەو بە ماف و ئەرك و پەروەردەی چونیەك بۆ ژن و پیاو دەبین، ئەوانە کەسانێکن کە عەقڵی سادە و ساکارییان هەیە،" پیاو توانای هێزی بیرکردنەوە ئارەزو و خواستی قووڵی هەیە، ژنانیش سادەو رووکەشن"* . بیروڕای رۆسۆش سەبارەت رۆڵی ژن و ئەرکی منال بەخێوکردن و بەرێوەبردنی خێزان بە کاری سروشتی ژنان دەبینێ پێی وایە بەشداربونی ژن لە بوارە جیا

جیاکانی ژیاندا نەك کاریکی نادروستە بەلکو ترسناکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا چونکە ژن خاوەنی تواناو ئیرادە و بیرو عەقل نین. هەروەها جەستەی ژنیش لە بەرهەمی داهێنانی ڕەسامەکاندا بەدی دەکرێ، لێرەوە جەستەی ڕووتی ژنیش وەك ڕازاندنەوە لە کوڕ و شەوچەرە و کاتبەسەربردنی پیاو نەخشێنراوە ،وەك بابەتێکی لەزەت بۆ تێرکردنی ئارەزوو و هەوەسی پیاو نمونەش کارەکانی پیکاسۆ، ئەدوارد مەنێ*یە.

ناپلیون لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا تووشی ململانێ و کێشە لە گەڵ نووسەری بەناوبانگ فرەنسی مەدام ستایل دەبێ ، دیارە کە ناپلیۆن دژایەتی بیروبۆچونی خانمی لیبرال دەکاو دەڵێ" ئەرکی ژن لە سیاسەتدا ، بێدەنگیە"*! هەر وەکو چۆن لە کاتۆلیکدا دەڵێن، واجبی ژن لە کلێسادا بێدەنگیە!

سیمۆنە بۆڤار لە کتێبەکەیدا* کە بە تەوراتی شەپۆلی دووەمی فێمینست ناودەبرێ باسی چارەنووس ، مێژوو و میتۆلۆژی، ژێردەستیی ژن دەکات. سەرەتای کتێبەکەی بە دەستەواژەی فەیلەسوف پیتاخۆراس ( سەدەی پێنج، پێش مەسیح), دەستپێدەکات،"ئەڵێت: بنەمای تەنزیم و یاسا پیاو و رووناکییە. " بنەمای خراپی کە ئاژاوەی خوڵقاند تاریکایی و ژنە" . هەمانکات نووسەری ناوبراو دەستەواژەی پیاوی فێمینیستی فەرەنسی کە بڕوای بە مافی چونیەکی ژن و پیاو هەبوو ( پۆلێ لا بێرر، سەدەی هەڤدە ) بە نموونە ئەهێنێتەوە " ئەوەی پیاو لە سەر ژنی نووسیوە ، جێگای شك و گومانە، چونکە ناکرێ لە یەك کاتدا هەم دادوەر و هەم لایەنەکەی تر بیت". جا کتێبە ئایینیەکان، مێژوو، زانست ومەعریفە، فەلسەفە لە لایەن پیاوەوە نوسراون! بۆڤار لە کتێبەکەیدا چەمکی فەلسەفەی هیگل و سارتەر بۆ روونکردنەوەی پرۆسەی مێژوویی بێبەشبوون(مەحروم ) و ژێردەستەیی وەک سەرچاوە ئەهێنێتەوە.

دەڵێ*" هەتا ڕۆژی ئەمرۆ نە ژن و نە پیاو لە یەکتر ڕازیی نین، بەڵام پرسیار ئەوەیە نەفرەتلێکردن لە بنچینەدا هەر بووە یا ناکۆکیەکی مێژوویی مرۆڤایەتییە"؟ " لە دایك نەبوویت وەك ژن، بەڵکو دەبیت بەژن" ژنێك گەر هوشیار و خودێکی سەربەخۆ و بەهرەمەند و هاوتای پیاو بێ مەترسییە بۆ پیاو".

دیارە ژن لە کەلتوری پیاوسالارییداچەند پلەیەك لە خوار پیاودا دادەنرێ، ئەوەندەش ڕێزی لێ دەگیرێت تا ئەو ڕادەیەی پەیرەوی بەهای پیاو سالاران دەکاو حەزو ئارەزوی پیاو تێر دەکا، گەر لەو سنورە لایدا، ئیدی ژنەکە تۆمەتبار دەکرێ و بە ڕێگای جیا جیا سزا دەدرێ.

بە مانایەکی دی ژن چەند هەڵگری مەعریفە و زانست بروانامەی ئەکادیمی بێ، بۆ پیاوان کێشە و گرفت نابێ تا ئەو ڕادەییەی کە ژن کاریگەری لە سەر سیستەمی کۆمەڵگا نەبێ. بەڵام لەو کاتەی ژنێك وەك بوونەوەرێکی ئازاد و کەسایەتێکی سەربەخۆو ، خاوەنی بڕیار و هەڵبژاردن خۆی بێ، ئیدی بارودۆخەکە دەگۆڕێ و شێوەیەکی نائاسایی وەردەگرێ، دەشێ جیاوازی لە نێوان زیرەکی و سەربەخۆیی هەبێ. لێرەوە زیرەکی و توانایی ژن لە خزمەتی پڕکردنەوەی ئەوەدایە کە خاوەنێتی، بەڵام بە ویستێکی سەربەخۆ و ئازادەوە ناکرێ لە خزمەتی ئەوی تردا بێ. کاتێ بەنازیر بۆتۆ لە 16 نۆڤەمبەری 1989 زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناو کرا بە سەرۆك وەزیرانی پاکستان، پیاوانی دەسەڵات ئەمەیان پێ هەزم نەکراو و بوو بە هەراو نارەزایی دەربڕین و شپرزەیی و هەڵچوونی سیاسەتمەندەران بە تایبەت سەرۆکی" یەگرتووی ئیسلامی دیمۆکراتی" نەواز شەریف کە گوایە لە ولاتێکی ئیسلامیدا ژن نەبووە و نابێ ولاتی ئیسلامی بەڕێوە ببات . بڕیاری سیاسەت هەتا ئێستا لە ماوەی پانزە سەدەدا ( 622-1989) ، هەر لە لایەن پیاوە جێبەجێکراوە دەشبێ هەر پیاو بێ.

پرسیار ئەوەیە لە وولاتێکدا کە مافی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردن و دانانی پەرلەمان، بدرێ بە میللەت و ببێتە بنەما بۆ سیستەمی دیمۆکراتیی. کەچی هەر ئەو دەسەڵاتەی ماڤی هەلبژاردنی دا بە

هاوڵاتیان و دوای ئەوەی سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا، بۆ یەکسەر پەشیمان بوونەوە و بە بیانووی بێ بناغە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان دایە دواوە و، گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و یاسا و نەریتی کۆنیان زیندوو کردەوە و، وەکو چەکێك بەکاریان هێنا و دژایەتی کەسی براوەیان پێ کرد؟ خۆ ئە گەر ئەڵمانییەك یان فرەنسییەك هەڵبژاردنی بدۆڕانایە ، ئەوا نەئەگەڕانەوە بۆ رابوردوو پەنایان نەئەبردە یاسا کۆنەکانی کڵێسا ، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی پێ ببەزێنێت، چۆن دەکرێ لە یەك کاتدا سیستەمی دیمۆکراتی و داب و نەریتی تراديسی تێهەلکێشی یەك بکرێ ، پیاوانی کۆمەڵگای ئیسلام پێیان نەوی و نائاساییە کە ژنێك سەرۆك بێ، دەشێ پرسیار بکرێ ئایا وشەی خەلیفە یان ئیمام بۆ ژن هەیە ؟ گریمان بەنازیر ژن نەبوایە و ناوی کەریم بوایە ئایا بەرامبەرەکەی لەم زۆرنبازییەدا هەمان بەڵگەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی لێیدەن ؟

لە کۆمەڵگای خۆماشماندا ئەم دووفاقیەتە بە ئاشکرا دەردەکەوێ، زۆرن ئەوانەی لافی دیمۆکراتی لێ دەدەن و باسی فەلسەفە و زانست و مەعریفە دەکەن، زۆرن ئەوانەی بیرەکانیان دەخەنە سەر کاغەز و پێمان دەڵێن دێکارت و کانت و و هیگل و مارکس و هایدگەر فۆکۆ و کێ و کێ چیمان پێ دەڵێن بەڵام کاتێك ئەم جۆرە کەسانە ڕووبەرووی واقیع دەبنەوە ئیدی یاسای نەرییت و پیاوسالاری ، کۆنترۆڵی ڕەوشت و هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنیان دەکا، زانست و مەعریفەیان تەنها ئەوەندە بەکاردەهێنن کە بە ئێمە بڵێن چی دەزانن، بەڵام چی پێدەکەن و ڕۆڵی خۆیان لە ڕاگرتنی نێرسالاریی چیە و کۆمەڵگای چۆن پێ دەگۆڕن کەی ولە چ بارودۆخێکدا و چۆن هاوکاری چینی ژێردەستەی پێبکەن ئەوا باسناکرێ، بەڵکو بە توانج و ڕەخنەی ڕوخێنەر هێرش دەکەنە سەر ژنان کە دواکەوتون و ئەقلی خۆیان پێشنەخستوە، ئەو کەلێنەی کە لە نێوان بالادەست و ژێردەستە ، بەهێز و لاواز، ژن و پیاوادا هەیە زیاتر گەورەی دەکەن ،.لێرەوە بەسەرهاتی هاورێیەکم هاتەوە یاد ، کاتی خۆی کە قوتابی زانکۆ دەبێ لە کاتی خۆپیشاندانی دژی ڕژێمی بەعسی فاشیستدا لە سالانی نەوەدا دەگیرێت و چەند ڕۆژێك زیندان دەکرێ، لە دوای ئازادبوونی ، ئەو کورەکوردەی کە پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵدا دەبێ، لە ڕێ خوشکە کەی هەواڵی بۆ دەنێرێت و پێ دەڵێ چیتر نابێ پەیوەندیمان هەبێ ، چونکە سومعەی خێزانمان دەشکێ! ، دوای سالانێکی زۆر کورەکە دەکەوێتە هۆلەندا و کچێکی هۆلەندی دەگرێ و ژیانی لە گەڵ دروست دەکات، هاوکات ژنە کوردەکەش هەڵدێ و دەکەوێتە هۆلەندا، لە کۆڕێکدا ژنە کوردەکە دوای چەند سالانێك کورەکوردەکەو ژنە هۆلەندیەکە دەبینێتەوە ، ئەم ڕوبەرورپبونەوەیە ئازاری کچەکە زۆر دەدا و سەیرێکی کورەکە دەکاو دەیەوێ پێبڵێ: ئایا خانمە هۆلەندییەکەت پاکییزە بوو! لێرەوە باسی کەسێك دەکەین کە ڕۆشنبیرە و باسی مافی مرۆڤ و ئازادی ولافی فەلسەفی پۆست مۆدێرمان بۆ لێدەدا . بەڵام کاتێ دەکەوێتە واقیعەتەوە ئیدی یاساو ڕێسای خێزان و نەریبە کۆنەکان سەروەر و باڵا دەستە !

پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوەی فێربووین و ئەوەی دەیخوێنینەوە تاچ ڕادەیەك لە ژیانی خۆماندا بۆ گۆڕینی عەقڵی خۆمان بەکار دەهێنین؟ لێرەوە دێڕی هۆنراوەوەی شاعیرو نوسەرو کۆلۆمیستی گەورەی هوڵەندی رامکۆ کەمپەرم هاتەوە یاد کە دەڵێ ، **بەرگری بەوە دەستپێدەکات، پرسیارێك لە خۆت بکەیت، ئینجا پرسیارەکە لە یەکێکی دی بکەیت".** گەر سەیری کۆمەڵگای خۆمان بکەین و ئەو پرسیارەی ئاراستە بکەین، کێ لە ئێمە پرکێشیی ئەو پرسیار لەخۆکردنە ئەکات، کێ لە ئێمە ئامادەیی ئەوەی تیایە، ئەو کەموکوری و گرفتە کۆمەڵایە تیانە وابەستەی هەڵسو کەوتی خۆمانی بکاتەوە ؟ ئایا توانای پرسیارکردنمان هەیە ، یاخود هەر تاکێك لە ئێمە تاوانی هەموو قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژێکان و هۆکاری هەڵەکان و، خەوش و ناتەواوی و، هەموو دیاردە نێگەتیڤەکان لە شانی خۆی دائەماڵی و ئەیانخاتە ملی بەرامبەرەکەی. ئایا ئەوانەی رەخنە دەگرن ،

تا چ ئاستێک توانیویانه به ڕۆحێکی سەربەخۆ ولە دەرەوەی هێزی دەسەڵاتدارەکان کاربکەن؟ یان پێش ئەوەی شیعاری تازەگەرایی و مۆدێرنانە بەرزبکەنەوە بە مەبەستی هێنانەدی و گۆرانکاری کۆمەڵگا، لە پێشدا پرسیار ئاراستەی خۆدی خۆیان ئەکەن؟ هیچ گۆرانکاریەک لە خۆیانەوە دەست پێئەکەن تا لەپاشاندا ببنە وزەو هاندانێك بۆ خەلکانی دیش وەکو پێشڕەوێک؟ یاخود شیعارەکانیان هەر قسەی ئاڵ و واڵان، ئایا گۆرینی کومەڵگا بە گۆڕینی جیهانبینیی تاکەکەوە دەستپێناکات؟ هەر هەوڵدانێک بۆ گۆرانکاری کۆمەڵگا دەبێت لە پێشدا بە گۆرانکاری لە خودی تاکەکە وە دەستپێبکات. بۆ ئەوەی بۆ زۆرێك لە کەسانی ئێمە وەك مۆدێلێك بن ، مۆدێلکی دروستکەر تا لێتانەوە فێربین، یاخود زانیارەکانتان تەنها بۆ دژایەتی و ململانێ کردنی ئێمەی بەش خوراوی خاك پارچەپارچە کراوە؟ دیارە گەر ژنێکی کورد خاوەنی تواناو لێهاتویی بێ، هەمان پلەو ستاتوتی کچێکی هۆلەندی یان خەڵکی هەر شوێنکی تر هەر بە نزم سەیر دەکرێ و ئەو ڕێزەی ناگیرێت کە دەدرێت بە خانمێکی بێگانە!

مامەلەی نادادگەری و نایەکسانی ژنی کورد لە ژیانی ڕۆژانەی تایبەتی و گشتییدا و گرێدانەوەی ئەم جیاوازکارییەش بە فاکتەری خودی ژن خۆییەوە بە مانایەکی دی هۆکاری پاشکۆیی ژن بۆ خۆی دەگەرێتەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم بۆچونە دروست و ڕەوایە؟

مرۆف لە دیدی بوونخوازەکانەوە بە ئەزمونی ئازادیەوە پەیوەستە و ئەگەرایەتی هەڵبژاردنی هەیەو بەر پرسیارە بەرامبەر کردارەکانی*. ئازادی و سەربەستی لە هەڵبژاردن و بڕیارداندا شامەرجە بۆ بە دەستهێنانی پڕۆژە و بەرهەمی داهێنان تا مرۆڤ بتوانێت فۆرم و ناوەڕۆك بۆ بابەتەکانی دابڕێژێت. بەڵام گەر ئازادی لە مرۆڤ داگیربکرێ، نەتوانێت خۆی سەربەستانە هەڵببژێرێت و بڕیار لە سەر فۆرم و شێوەکانی بابەتەکەی بدات، ئەوا نەك هەر کۆسپ و ڕێگرێکە لە ئەنجامدانی پڕۆژەکانیدا بگرە ئیفلیج کردنی جیهانی هۆش و هەستیشیەتی، نەك هەر پەرژین و تەلبەندکردنی تواناکانیەتی و بگرە ڕووخاندن و تێکدانی کەرامەتیشیەتی.

ئێمە کاتێ دەتوانین ئەقل بەکار بهێنین گەر مێشکمان لە منالّیەوە ڕاهێنابێ بۆ بیرکردنەوە، گەر هەر لە منالّیەوە ڕێی پرسیارکردنمان چ لە ناو خێزاندا و چ لە قوتابخانەدا لێگیرابێ، ئازادی پرسیارکردنمان نەبووبێ ، چۆن ئێمەی ژن بتوانین بیربکەینەوە ، بۆ تێگەیشتن نابێ بیربکەینەوە ، هزریش نابێ لە ڕێی زمانەوە بەرجەستە کرابێ؟ بێگومان یەکێ لە قۆناغە گرنگەکانی منالّ لە سالّی دوو تا چواردا بۆ پشکنینی جیهانی دەوروبەری خۆی پرسیارکردنە ، منالّ لە دوسالّیدا کاتێ وردە وردە زمان دەگرێ لە هەمو شتێك پرسیار دەکات هەر بۆیە پێ دەوترێ قۆناغی* ( بۆچی ) لێرەوە ڕۆڵی دایك و باوك بۆ ئەوەی هزری منالّ هانبدەن و پێشیبخەن ، دەبێ وەلامی منالّ بدەنەوە، بە مانایەکی تر قسەکردن و گفتوگۆ لە گەڵ منالّدا مەرجێکی سەرەتاییە بۆ پێشخستنی زمانی منالّ، هەر لە رێ زمانیشەوە بیرکردنەوە دێتە کایەوە بۆیە لەم قۆناغەدا گرنگە کات بۆ منال تەرخان بکرێ ئەویش لە ڕێگای کتێب خوێندنەوەو قسەکردن ئەم پرۆسەیە پێشدەخرێ، پرسیار دەکرێ ئایا کێ لە ئێمەی ژنی کورد پێش نوستن باوك یان دایکمان بە کتێب خوێندنەوە ئێمەی نواندبێت، ئەی ئایا کتێب خوێندنەوە بەشێك نیە لە پەروەردە؟

ئێمە نەك کتێمان بۆ نەخوێنراوەتەوە و بە قسەی خۆش تەسلیمی نوستن کرابین هەتا جیهانی فەنتازیمان بەهێز و ڕەنگاوڕەنگ بکەین بگرە هەندێ جار گەر بە لێدان نەبراوین بۆ ناو جێگا ئەوا بە چیرۆکی ترسناك گوراگەنە شەوێ و شەولەبان، خەومان لێخراوە!

ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەمو ژیانی تەلبەندەو سنوردارکراوە، گەر ئازادی نەبێ چۆن دەکرێ خۆی پێشبخات؟ * کافکا لە نامەیەکی دا کە بۆ باوکی نوسیویەتی دەڵێ **خۆم سەربەخۆ کرد و رزگارم بوو "**

**بەو شێوەیەی کە چۆن کرمێك لە دواوە بە  قاچ ئەپلیشێنرێتەوەو دەبێ بە دوو بەشەوە بەشی پێشەوەی ڕزگاری دەبێ و بەرێ خۆیەوە دەروات. منیش بەو شێوەیە خۆم ڕزگار کردو ئامانیم دۆزیوە".** ئێمەی ژنی کوردیش لە هەمو ڕوویەکەوە پلیشێنراوینەتەوە، سەرکوت کراوین ، ژیانمان پەرژینکراوە، خۆ ئەگەر ژنێکیش وەك  کەسێکی سەربەخۆ وێرای دەربڕینی  بیروڕای خۆی هەبێ  و لە بوارە  جیاجیاکاندا چالاك بێ  ئەوا بە ڕەخنە و توانجی توندوو تیژ هێرشی دەکەنە سەر ، کرۆکی کێشەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوون و بیروباوەڕو مانایەی کە مێنەی پێهەلدەسەنگێرێ، ئەو چاویلکەڕەشەی کە سەیری مێنەی پێدەکرێ ئەویش جیاوازی کردنە، مێینە لە کۆمەڵگای نەریتیدا  وەك کەسێکی بەرزی سەربەخۆ و یەکسان و تایبەتمەند قبوڵنەکراوە، دانی  پیانەنراوە ، وەك کەسێکی بەهێز و بەتوانا، نەبینراوەو نابینرێ، چۆن دەکرێ خۆمان پێشبخەین و بەشداری چالاکی داهێنان بکەین! هەر وەکو نیچە دەڵێ *" گەر بۆچی تێبگەیت، ئەو کاتە لە چۆن حاڵی دەبی" بە مانایەکی دی گەر هۆکارەکان بزانین، ئەوا لە دەرئەنجامیش تێدەگەین . کۆمەلگاکەمان هەموی تێکرا سترەکتوری تێکچووە وێرانە و هەمو بە ژن و پیاوەوە بەر پرسیارین، دیارە بەرگریکردن لە مافی کەسانی بەشخوراو و ژێردەستە پێوستی بە لە خۆبوردن و قوربانیدان هەیە، بمانەوێ کۆمەڵگا لەو زەلکاوە ڕزگار بکەین کەسانکێمان دەوێ کە یەکسایخواز بێ و ڕێزی بۆ بەرامبەرەکەی دابنێ، گەر کەسایەتی هۆشیاری نموونەی سیمۆنا بۆڤواریشمان لەناو ژنی کورددا بوێت، ئەوا کەسایەتی نموونەی سارتەریشمان لەناو پیاوی کورددا پێویستە!

10-10-2007 , amsterdam


Ecce Homo ,Friedrich Nietzsche*

Afgodenschemering, Friedrich Nietzsche*

Voorbij goed en Kwaad، Friedrich Nietzsche*

Inleiding tot het denken van Sartre *

Simone De Beauvoir , De tweede sekse *

،Franz Kafka *

Methodiek Pedagogisch adviseren *

* د. محەمەد کەمال ( فەلسەفەی سارتەر و خێندنەوەیەکی نوێ )

Fatima Mernissi , Sultanes *